## یانەی برایەتی
## باشترین یاریزانی عێراق بۆخۆی دەهێنێ



یانەی برایەتی یاریزانێکی تێنسی سەرمێزی بەتوانای شاری سلێمانی هێنایە یانەکەی بەمەبەستی باشتربوونی ئاستی تیپی تۆپی سەرمێزی یانەی برایەتی لەبەشداری کردنی لەهەردوو خولی عێراق و کوردستان، دەستەی کارگێڕی یانەی برایەتی هەڵسا بەمۆرکردنی گرێبەستێك لەگەڵ (هەردی عەلائەدین) پاڵەوانی کوردستان و یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق کە دانیشتوی شاری سلێمانیە، بۆئەوەی ببێتە یاریزانی یانەکە لەخولەکانی داهاتوو و پێگەیاندنی چەندین یاریزانی بەتوانا بۆ یانەی برایەتی، ماوەی گرێبەستی نێوان یاریزانی ناوبراو یانەی برایەتی بۆماوەی یەك ساڵە بەبێ ئاشکرا کردنی بڕی گرێبەستی یانەی برایەتی و یاریزانی ناوبراو، لەئێستاشدا یانەی برایەتی ژمارەیەك یاریزانی بەتوانای هێناوەتە ڕیزی یانەکەی بۆئەوەی ئاست و ئەنجامیان پێویست بێت لەخولەکانی داهاتوو. ئەمەش ستافی یاریزانانی یانەکەیە لەداهاتوو. محەمەد سەعدولا، هاشم ڕەسوول، هەردی عەلائەدین، شاهین نەجات، یەشار نەجات بەسەرپەرشتی ڕاهێنەر بەشدار سەربەست و سەرپەرشتیاری تیپەکەش قەلەندەر نەسەرەدین دەبێت.



## یانەی زاخۆ دکتۆرێکی چارەسەرکردنی سروشتی وەرزشی هێنایە یانەکەی

یانەی زاخۆ بەمەبەستی چارەسەرکردنی یاریزانەکانی لەپێکان و چاککردنەوەیان لەپێکان، گرێبەستێکی لەگەڵ دکتۆرێکی پیشەگەری سوری مۆرکرد کە تایبەتە بەچارەسەرکردنی پێکانی وەرزشی یاریزانان، بەتایبەتی کە ماوەیەکی زۆر لەبواری چاککردنەوەی پێکانی وەرزشی کاری کردووە، ئەویش دکتۆر(عەبدولڕەحمان نورەدین) بەڕەگەز سورییە کاری تایبەتە بەچارەسەری سروشتی لەشاری دیمەشقی سوریا ماوەیەکی زۆر کاری کردووە، پێشتریش لەنەخۆشخانەکانی شاری دیمەشق کاری کردووە و لەیەکێتی تۆپی پێی سوریاش وەکو دکتۆری سروشتی کاری کردووە، پێشتریش لەگەڵ هەریەك لەیانەکانی وەحدات و شورتە و جەیش کاری کردووە لەگەڵ هەڵبژاردەی سوریاش کاری کردووە، چەندین خولی پزیشکی وەرزشی جۆراوجۆری بینیوە لەوڵاتانی مالیزیا و سعودیە لەچەندین خولی وەرزشی فیفا و یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا بەشداربووە، ناوبراو سوپاسی سەرۆکی یانەی زاخۆی کردو بەڵێنی تەواوی دا بۆخزمەت کردنی یاریزانانی زاخۆ لەپێکانەکانیان و چارەسەرکردنیان بەشێوازی زانستی و سەردەمیانە، لەبارەی ماوەی گرێبەست و بڕی گرێبەستەکەی هیچ شتێکیان ئاشکرا نەکردووە.



## کارزان کانەبی لەگۆڤاری گوڵان خەڵاتی باشترین ڕۆژنامەنوسی وەرزشی لە هەولێر پێبەخشرا

بەمەبەستی خزمەتکردنی زیاتری چینی وەرزشوانان بەتایبەتی لەیاری تۆپی پێ و باشترینەکانی شاری هەولێر وەکو ڕۆژنامەنووسی وەرزشی و باشترین شیکەرەوەی وەرزشی و باشترین یاریزان و باشترین کەسایەتی وەرزشی... وتاد. ناوەندی باڵای هەولێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لەبارەگای ناوەند لەشاری هەولێر باشترینەکانی ساڵی ٢٠١١ی لەبواری ڕۆژنامەنوسی وەرزشی و لەیاری تۆپی پێش بە ئامادەبوونی ژمارەیەك لەڕاهێنەران و کاپتنی یانەکان و کەسایەتی وەرزشی و ڕۆژنامەنوسان لەهەڵبژاردنێکی شەفافدا باشترینەکانی ساڵ دەستنیشان کران، کارزان کانەبی لەفایلی وەرزشی گۆڤاری گوڵان دوای بەدەستهێنانی زۆرینەی دەنگ خەڵاتی باشترین ڕۆژنامەنووسی وەرزشی بەدەستهێنا، لەبارەی ئەنجامدانی ڕاپرسیەکە و هەڵبژاردنی باشترینەکان ڕۆژگار قادر کارگێڕی ناوەندی وەرزش و سەرپەرشتیاری ڕاپرسی بۆفایلی وەرزشی گوڵان گوتی «ئێمە وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆمان بۆخزمەتکردنی چینی وەرزشوانان ئەمساڵ بۆسێ یەم ساڵ لەسەر یەك پێمان باشبوو لەدەنگدانێکی ڕاستەوخۆ و شەفافانە باشترینەکانی ساڵ لەڕێگای دەنگدانی ئامادەبووان ئەنجامبدەین سەرکەوتوانەش پرۆسەکەمان ئەنجامدا بەهیوای ئەوەین لەداهاتوو کاری باشتر ئەنجام بدەین، ئەمەش باشترینەکانی شاری هەولێرە.

باشترین کەسایەتی وەرزشی: تاریق عەبدول ڕەحمان
باشترین ناوبژیوان: محەمەد حوسێن
باشترین ڕۆژنامەنووس: کارزان کانەبی لەفایلی وەرزشی گوڵان
باشترین ئامادەکار و شیکەرەوەی وەرزشی لەڕۆژنامەکان: ئەرسەلان عەبدوڵلا
باشترین پەیامنێری وەرزشی لەتیڤیەکان: سامان سلێمان
باشترین کەناڵی وەرزشی لەڕووی ئامادەکردنی هەواڵی ناوەخۆ: ئاسۆ سپۆڕت
باشترین کەناڵ لەڕووی هەواڵی وەرزشی جیهانی: کوردستان تیڤی
لەکاتی گواستنەوەی یاری سەیری کام تیڤی لۆکاڵی دەکەی: ئاسۆسپۆڕت
باشترین یانە لەڕووی پێگەیاندنی یاریزان: یانەی هەندرێن
بەرچاوترین سەرۆك یانە: حاکم جەمال سەرۆکی یانەی هەندرێن
باشترین ڕاهێنەر: سەمەد جەوهەر لەیانەی هەندرێن
باشترین یاریزان: کۆسرەت بایز لەیانەی هەولێر
باشترین گۆڵچی: سەرهەنگ موحسین لەیانەی هەولێر

شایەنی باسە کارزان کانەبی لەگۆڤاری گوڵان لەساڵی ٢٠٠٧یش وەکو باشترین ڕۆژنامەنووسی وەرزشی لەهەرێمی کوردستان دەستنیشان کرا.

دیمانە: کارزان کانە



## لانە ڕۆستەم

# یانەکانی کوردستان گرنگی باش بە تێنسی سەرزەوی دەدەن

**لانــە یەکێکە لەیاریزانە بەتواناکانی شــاری هەولێر و لەدایکبووی ســاڵی ١٩٩٨ی شــاری هەولێرە، لەخانەوادەیەکی وەرزشوانی یاری تێنســی سەرزەوی چاوی بەدنیا هەڵهێناوە و خاوەنی چەندین نازناوی جۆراو جۆرە لەســەر ئاستی یانەکانی کوردســتان و هەڵبژاردەکان، بەتایبەتی لەم ماوەیی ڕابردوو توانی ئاســتێکی بەرز لەخولەکانی کوردســتان پێشــکەش بکات و ببێتە مایەی سەرنجی یانەکان، ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەیمان لەگەڵی ئەنجامدا.**

***چۆن بوو یاری تێنسی سەرزەویت هەڵبژارد؟**

-لەڕێگای باوکمەوە کە خۆی زۆر نزیکە لەیاری تێنســی ســەرزەوی، منیش خولیاو ئارەزووم بەو یارییە یەکجار زۆر بوو، بۆیە منیش ڕاستەوخۆ ئەو یارییەم هەڵبژارد.

***کێ هاندەرت بوو بۆئەوەی گرنگی زیاتر بەخۆت بدەی لەم یارییە بگەیتە ئەو ئاستەی ئێستا؟**

-بێگومان باوکم و ڕاهێنەرەکانم هەموویان هاوکاربوون کە هانیان دام بۆئەوەی پەرە بەتواناکانی خۆم بدەم و ئاستی خۆم پێشبخەم، باوکیشم بە بەردەوام ئامۆژگاریم دەکات لەیاری کردن.

***هەست ناکەی یارییەکی قورست هەڵبژاردووە؟**

-نەخێر، چونکە ئەگەر یاریزان بیەوێ پەرە بەئاست و توانای خۆی بدات، دەبێت تێبکۆشێ بۆئەوەی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات و مەشقی باش بکات تادەگاتە ئەو ئامانجەی کە خۆی دەیەوێت.

***ئاستی ئەو یارییە چۆن دەبینی لەکوردستان؟**

-لەئێستادا یانەکانی کوردستان گرنگی باش بەو یارییە دەدەن، بەرە بەرە یانەی شــارەکانی کوردســتان خەریکن تیپی کچان دروســت دەکەن و دێنە نێو گۆڕەپانی یارییەکە و گرنگی بەتواناکانی یاریزانانی خۆیان دەدەن.

***ئەی لەشاری هەولێر لەچ ئاستێکە؟**

- لەئێســتادا باشترین ئاستی هەیە، چونکە کۆمەڵێك کەسی بەتوانــا لەدەوری ئەم یارییە کۆبوونەتــەوە ئامانجیان خزمەت کردنــە و گرنگی باش بەتوانــای یاریزانانی تەمەن بچووك لەهەردوو ئاســتی کوڕان و کچان دەدەن، بۆیە پاشەڕۆژێکی باشی لێ چاوەڕوان دەکرێت.

***کێشە و گرفتان چیە لەیاری تێنسی سەرزەوی؟**

-کێشــەی ئێمە یاریگایە دەمانــەوێ لایەنی بەرپرس یاریگای تایبەت بەتێنسی ســەر زەویمان بۆدروست بکەن، بۆئەوەی زیاتر پەرە بەتواناکانــی خۆمان بدەین و خۆمان دروســت بکەین و ڕکابەری یانەکانی تر بکەین.

***داواکاریت چیە لەلایەنی بەرپرس لەم یارییە؟**

-گرنگی زیاتر بەتواناکانی کچان بدرێت و هانی وەرزشــکاری ئافرەت بدرێت زیاتر بێنە نێو وەرزش و یاریگاو پێداویستیمان بۆ دابین بکرێت.

***لەهەڵبژاردەی عێراق داواکراوی؟**

-بەڵێ داواکراوم.

***چی بکرێت باشە بۆئەوەی ئەم یارییە پێشبکەوێت؟**

-بەهیوای ئەوەم زیاتر یاریگا بکرێتەوە گرنگی زیاتر بەیاریزانانی تەمەن بچووك بدرێت لەشارەکانی کوردستان و هانی یاریزانان بدرێت لەم یارییە و خولی بەردەوام بکرێتەوە.

*** حەز دەکەی کچی وەرزشوان زیاتر بێتە نێو ئەو یارییە؟**

- بەهیــوای ئەوەم خانەوادەکان زیاتر هانی کچانیان بدەن، بۆئەوەی زیاتر خزمەتی وەرزشــی بکەن و کچانیش هیچیان کەمتر نییە لەکوڕان لەوەرزش کردن.

***هیواو ئاواتت لەم یارییە؟**

-بەهیوای ئەوەم بتوانم ببمە پاڵەوانێکی گەورە لەم یارییە بتوانم چەندین ئەنجامی باش بەدەســت بهێنم و ســەری خۆم و شاری هەولێر بەرزکەمەوە.


***ئەگەر شتێکت ماوە؟**

-زۆر سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم و سوپاسی هەموو ئەوکەسانە دەکەم کە هاوکاریم دەکەن بەتایبەتی ڕاهێنەرەکەم و باوکم.

## زلاتان دەیەوێ لەیانەی ڕیال یاری بکات

مینـــۆ ڕایـــۆلا بریـــکاری یاریزانی بەناوبانگی سویدی زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ ئەســتێرەی یانـــەی ئەی ســـی میلان دووپاتی کـــردەوە کە یاریزانـــی ناوبراو چەندین بۆندی لەیانە گەورەکانی ئەورووپا پێشـــکەش کراوە، ڕایۆلا ئەوەی بەدوور نەخســـتەوە کە جارێکی دیکـــە یاریزان زلاتان بگەڕێتەوە خولی ئیسپانیا، بەڵام بەهیچ شـــێوەیەك بۆ یانەی بەرشـــلۆنە نابێـــت، لەمباریـــەوە گوتـــی: ڕۆژانە چەندین بۆند پێشـــکەش بەیاریزان زلاتان دەکرێت، هیچ بەربەســـتێکیش نییە کە جارێکی دیکە لەخولی ئیســـپانیا یاری بکات، بەڵام ئەمجارەیان بۆ ڕیال مەدرید نەك بەرشـــلۆنە، وا بـــزام ئەزموونێکی تازەی سەرنجڕاکێش دەبێت بۆ ئیبرا.

ئەم لێدوانەی ڕایۆلا دڵەڕاوکێ لەلایەن هاندەرانی یانەی میلان دروســـت دەکات بەتایبەتی کە هاندەران دەیانەوێ زلاتان تا کۆتایـــی ژیانی وەرزشـــی لەیانەی میلان بەردەوام بێت، شایانی باسە زلاتان لەیاری میلان و ناپۆلی بەکارتی سوور دەرکرا.




## تۆریس: خۆشترین یادگارییم لەچێلسی لەهێڵی یەدەگ بوو

فیرناندۆ تۆریس یاریزانی هێرشبەری یانەی چێڵســـی ئەوەی ئاشکرا کرد کـــە خۆشـــترین یا د گا ر ییە کا نـــی لەگەڵ یانەی بلوز لەو کاتانە بووە کە لەهێڵـــی یەدەگی یانە دانیشتووە، تۆریس هۆکارەکەی بۆ ئـــەوە گەڕاندەوە کە ئـــەوکات هاوســـۆزی جەمـــاوەری بۆخۆی ڕاکێشـــابوو، چونکـــە لەهەمـــوو یارییەکدا هانـــدەران بەوتنـــەوەی دروشـــمەوە داوای بەشداریکردنیان دەکرد.




تۆریـــس لەچەنـــد هەفتەی ڕابـــردوودا لەپێکهاتەی ســـەرەکی یانەی چێڵسی یاری دەکات و ئاســـتێکی بەرز پێشکەش دەکات، بەڵام کێشەی ســـەرەکی ئەوەیە کە تا ئێستا دوورە لەگـــۆڵ تۆمارکـــردن، تۆریس ماوەی یەك ســـاڵە لەگەڵ یانەی بلـــوز یـــاری دەکات و بەبڕی ٥٠ ملیـــۆن پاوەنـــد لەیانەی لیڤەرپول هاتە یانەی چێڵسی کـــە بەگەورەتریـــن بۆندی سەرنەکەوتوو لەمێژوو لەقەڵەم دراوە.

## نوری شاهین ڕازی نییە بگەڕێتەوە یانەی دۆرتمۆند

نوری شاهین یاریزانی هەڵبژاردەی تورکیا و یانەی ڕیال مەدرید بۆندێکی یانەکەی پێشووی خۆی بروسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی ڕەتکردەوە بۆ گەڕانەوە بۆ خولی ئەڵمانیا لەکۆتایـــی ئـــەم وەرزە و دووپاتیکـــردەوە کـــە لەگـــەڵ یانەی شـــاهانە بەردەوام دەبێت، ڕۆژنامەی ( ئاس)ی مەدریدی ڕایگەیاند کـــە یانەی دۆ رتمۆ نـــد هەوڵدەدات بارودۆخی خەراپی شاهین لەیانەی ڕیال بقۆزێتەوە کە بەشداری لەیارییەکان ناکات و دەیەوێ بیگەڕێنێتەوە خولی ئەڵمانیا.

یاریزان نوری شاهین ئەم بۆندەی ڕەتکردەوە و دووپاتیکردەوە کە شـــەڕ دەکات تا ئەو کاتـــەی متمانـــەی ڕاهێنەر جۆزی مۆرینهـــۆ وەردەگرێـــت، چونکە متمانـــەی تـــەواوی بەخـــۆی هەیە، ســـەبارەت بەدانیشتنی لەســـەر هێڵی یەدەگ شاهین هۆکارەکـــەی بۆ پێکانەکان و ئاســـت بەرزی یاریزان زاڤی ئەلۆنزۆ گەڕاندەوە.



# تەمەنی ١٠٠ ساڵە و پاڵەوانی ماراسۆنە



یاریزانێکی بەریتانی بەرەسەن هیندستانی کە تەمەنی ١٠٠ ساڵە توانی ببێتە پاڵەوانی ماراسۆنی هۆنگ کۆنگ بۆ ماوەی ١٠ کیلۆمەتر، فۆجیا سینگ کە لەدایکبووی ١٩١١یەو پلەی یەکەمی ماراسۆنەکەی بەدەستهێنا دوای ئەوەی ماوەکەی بەکاتی یەك سەعات و و ٣٤ خولەك بڕی و خەڵاتی یەکەمی وەرگرت کە بریتی بوو لە٢٥٨٠٠ دۆلاری ئەمریکی، سینگ کاتێك گەیشتە هێڵی کۆتایی بەپێکەنینەوە گوتی: کەش و هەوا زۆر گونجاو بوو، تاموچێژم لەڕاکردنەکە وەرگرت. سینگ ئەم توانایەی بۆ سیستەمی ژیانی تەندروستی خۆی گەڕاندەوە کە سیستەمێکی خۆراکێکی ڕووەکی بەکاردەهێنێت دوور لەجگەرە کێشان و خواردنەوەی کحول، گرووپی گینیس بۆ ژمارە پێوانییەکان ڕازی نەبوو ناوی سینگ وەك گەورەترین ڕاکەری براوەی ماراسۆن تۆماربکات، چونکە ناوبراو نەیتوانی بەڵگەنامەی لەدایکبوونی پێشکەش بکات. سینگ ئەوەشی ڕاگەیاند کە ئەو یەکەم مرۆڤە لەتەمەنی ١٠٠ ساڵیدا توانیویەتی ماراسۆنێکی ٤٢ کیلۆمەتری تەواو بکات کاتێك بەشداری لەماراسۆنی تۆرەنتۆ کرد، لەماراسۆنی هۆنگ کۆنگ ٧٠ هەزار کەس بەشداربوون لەسێ جۆرە ماراسۆن ٤٢ کیلۆمەتر و ٢١ کیلۆمەتر و ١٠ کیلۆ مەتر.



# کریستیانۆ بیری مان یونایتد دەکات

**ڕۆژنامەی دەیلی ئیکسپرێسی بەریتانی ڕایگەیاند کریستیانۆ ڕۆنالدۆ ئەستێرەی یانەی ڕیال مەدرید لەکاتی قسەکردنی بۆ هاوڕێیەکی نزیکی خۆی دانی بەوە داناوە بیری یانەی مانچستەر یونایتد دەکات و حەز دەکات جارێکی دیکە لەیاریگای ئۆلدترافۆڵد یاری بکات، کریستیانۆ بیری هاندەرانی یانەی شەیتانە سوورەکان دەکات، هەروەها بیری ڕاهێنەر سێر ئەلێکس فێرگسۆن دەکات کە وەك باوك و ڕێگانیشاندەرێك سەیری دەکات.**

**پێشتر چەندین ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی ناوی کریستیانۆ ڕۆنالدۆیان بەگەڕانەوە بۆ یانەی مان یونایتد بەستەوە بەتایبەتی دوای تێکچوونی پێوەندی نێوان خودی یاریزان کریستیانۆ و هاندەرانی یانەی شاهانە، کریستیانۆ بەبڕی ٩٤ ملیۆن یۆرۆ پێش دوو وەرز لەیانەی مان یونایتدەوە وەك گرانترین بۆند لەمێژوودا پێوەندی بەیانەی ڕیال مەدریدەوە کرد.**

ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال

# یانەی نەورۆز بووە پاڵەوانی خولی پلە یەکەکانی کوردستان بۆ تۆپی دەست



هەفتەی ڕابردوو لەهۆڵی شەهید فرەنسۆ هەریری پاڵەوانێتی خولی پلە یەکەکانی کوردستان بۆ تۆپی دەست بە بەشداریکردنی (١٥) یانە کۆتایی هات، کە بەسەر دوو کۆمەڵە دابەش کرابوون، کۆمەڵەکان بەمشێوەیە بوون.

کۆمەڵەی یەکەم: نەورۆز، ئالا، ئەکاد، بەردەڕەش، کۆیە، ئاکرێ، هەندرێن، قەلادزێ

کۆمەڵەی دووەم: پێشمەرگەی هەولێر، ڕواندز، شەقلاوە، مەخمور، ڕانیە، ڕزگاری، سۆران.

لەم پاڵەوانێتیە بەفەرمی هەر چوار یانەی (نەورۆز، پێشمەرگەی هەولێر، ئاکرێ، مەخمور) سەرکەوتن بۆ خولی پلە نایابەکانی کوردستان بۆ وەرزی داهاتوو، دوای ئەوەی توانیان لەکۆمەڵەکانی خۆیان پلەکانی یەکەم و دووەم بەدەستبهێنن.

لەیاری کۆتایی ئەم پاڵەوانێتیەدا هەردوو یانەی نەورۆز و پێشمەرگەی هەولێر ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە، کە تیاییدا کوڕانی یانەی نەورۆز توانیان سەرکەوتنێکی گەورە تۆمار بکەن و ببنە پاڵەوانی خولی پلە یەکەکانی کوردستان دوای ئەوەی بەئەنجامی ( ٢٤-١٣) گۆڵ یارییەکەیان بردەوە.

دوای تەواوبوونی یارییەکە خەڵات بەسەر تیپە سەرکەوتووەکان دابەش کرا.

جێگەی باسە ئەم پاڵەوانێتیە ماوەی ٩ ڕۆژی خایاند و ڕۆژانە یارییەکان لەهەردوو هۆڵی شەهید فرەنسۆ هەریری و هۆڵی داخراوی بنەسلاوە بەڕێوەدەچوون و ئەم پاڵەوانێتیە بەسەرپەرشتی یەکێتی تۆپی دەستی کوردستان سازکرا.

# یانەی هەولێر گرێبەستی لەگەڵ چەند یاریزانێک مۆرکرد

بەمەبەستی بەشداریکردنی لەجامی یەکێتی ئاسیا بۆ تۆپی پێی و خولی پلە نایابەکانی عێراق، دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێر بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ چەند یاریزانێکی پیشەگەر مۆرکرد کە بەم شێوەیە بوو.

١-نەدیم سەباغ: نەدیم سەباغ لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٥ە یاریزانی هەڵبژاردەی سوریا و یانەی جەیشی سوری لەهێڵی بەرگری چەپ و هێڵی ناوەڕاست باڵی چەپ یاری دەکات و یەکێکە لەیاریزانە سەرەکییەکانی هەڵبژاردەی سوریا و لەجامی یەکێتی ئاسیا ئەم یاریزانە درێسی ژمارە ١٢ لەگەڵ یانەی هەولێر لەبەر دەکات.

ئەم یاریزانە لەهەردوو خولی نایابی عێراق و جامی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا لەگەڵ یانەی هەولێر بەشداری دەکات و درێسی ژمارە (١٢) لەگەڵ یانەکە دەپۆشێت.

٢- عەبدولڕەزاق حوسێن: عەبدولڕەزاق حوسێن لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٥ە و یاریزانی هەڵبژاردەی سوریا و یانەی تەعاونی سعودی بوو، ئەم یاریزانە لەهێڵی ناوەڕاست یاری دەکات و یاریزانی سەرەکی هەڵبژاردەی سوریایە و لەگەڵ هەڵبژاردەکەی بەشداری لەجامی نەتەوەکانی ئاسیای ٢٠١١ی کرد و توانی چەند گۆڵێك لەم پاڵەوانێتیە تۆمار بکات.

٣- ئیڤان بۆکینیا: ئیڤان بۆکینیا لەدایکبووی ساڵی ١٩٩١ە لەخولی ئۆگەندە و هەڵبژاردەی ئۆگەندە یاری دەکات، لەگەڵ هەڵبژاردەی ئۆگەندە لەساڵی ٢٠١١ بەشداری لەجامی نەتەوەکانی ئەفریقیا بۆ یاریزانە ناوخۆییەکان کرد، کە لەوڵاتی سودان بەڕێوەچوو، ئەم یاریزانە لەهێڵی بەرگری یاری دەکات و درێژی ١٩٤سم.

٤- کنان نیعمە: کنان نیعمە یاریزانی عێراق، کە لەخولی سوریا یاری دەکرد لەیانەی مەجدی سوری، ئەم یاریزانە لەهێڵی ناوەڕاست یاری دەکات و درێسی ژمارە ١٣ لەبەر دەکات بەشێوەی خواستن هاتە ڕیزی یانەی هەولێر بۆ ٩ مانگ و تەنیا بەمووچەی مانگانە.

٥- هەرێم بورهان: ئەم یاریزانە لەهێڵی بەرگری یاری دەکات و یاریزانی پێشمەرگەی سلێمانی بوو بەفەرمی هاتە ڕیزی یانەی هەولێر بۆ ماوەی یەك وەرز.

ئەم یاریزانە لەڕیزی هەڵبژاردەی عێراق یاری کردووە و لەڕیزی هەڵبژاردەی کوردستان- یش یاری کردووە.



# هەولێر لە پێشەنگی خولی نایابی کوردستان

هەفتەی ڕابردوو یارییەکانی هەفتەی ٢١ـەمی خولی پلە نایابەکانی کوردستان بەڕێوەچوو، کە تیایدا یانەی هەولێر توانی پارێزگاری لەپێشـەنگ بکات دوای بردنەوەی لەیانەی ئارارات و یانەی هەندرێن لەپلەی دووەم دێت دوای تۆمارکردنی سەرکەوتنێکی گرنگ و یانەی بروسك تووشی شکستێکی چاوەڕوانەکراو هات، کاتێك بەرانبەر یانەی سـلێمانی یەکسـانبوو. هەردوو یانەی سـەورە و نەورۆز لەئەنجامە خراپەکان بەردەوامن دوای ئەوەش تووشی شکست هاتن .

ئەنجامی یارییەکانی ئەم هەفتەیە بەمشێوەیە بوو.

هەولێر – ئارارات ٢-سـفر، هەندرێن – هەڵۆ ٣-١، سـلێمانی – بروسك ١-١، کەرکوك – پێشمەرگەی هەولێر سفر-١، زێرەڤانی – زاخۆ ١-سفر، پێشمەرگەی سلێمانی – نەورۆز سفر-سفر، شێروانە – سەورە ٢-١.

ریزبەندی یانەکان بەمشێوەیە.

١-هەولێـر ٤٢خاڵ، ٢- هەندرێن ٣٩ خاڵ، ٣- بروسـك ٣٥ خاڵ، ٤- زاخۆ ٢٩ خاڵ، ٥- پێشـمەرگەی هەولێر ٢٩ خاڵ، ٦- پێشمەرگەی سلێمانی ٢٨خاڵ، ٧- شـێروانە ٢٧ خاڵ، ٨- زێرەڤانی ٢٥ خاڵ، ٩- ئارارات ٢٤ خاڵ، ١٠- سلێمانی ٢٤ خاڵ، ١١- هەڵۆ ٢٣ خاڵ، ١٢- کەرکوك ٢١ خاڵ، ١٣- سـەورە ٢٠ خاڵ، ١٤- نەورۆز ١٥خاڵ.





# چوار یانە ڕکابەری لەسەر سەرکەوتن بۆ خولی پلە نایابەکانی کورستان دەکەن

لەچوارچێوەی یارییەکانی خولی پلە یەکەکانی کوردستان بۆ تۆپی پێی، ڕکابەرییەکی بەهێز لەنێوان چوار یانە هەیە بۆ بەدەستهێنانی بلیتی سـەرکەوتن بۆ خولی پلە نایابەکانی کوردستان بۆ وەرزی داهاتوو، کاتێك هەریەکە لەیانەکانی سێمێڵ و برایەتی و دهۆك و ئاڵا ڕکابەری لەسەر پلەکانی یەکەم و دووەمی ئەم خولە دەکەن. لەبەرانبەردا یانەکانی کۆیە و سـۆلاڤ و مەخمور و دەربەندیخان ڕکابەری لەسەر مانەوە لەخولی پلە یەکەکانی کوردستان دەکەن، ریزبەنـدی یانەکانی ئـەم خولەبەمشـێوەیە دوای تەواوبوونی یارییەکانی هەفتەی چواردەهەم.

١-سـێمێڵ ٣٠ خاڵ، ٢- برایەتی ٢٩خاڵ، ٣- دهۆك ٢٨ خاڵ، ٤- ئاڵا ٢٦ خاڵ، ٥- سـیروانی نوێ ٢٣ خاڵ، ٦- هەڵەبجەی شـەهید ٢٢ خاڵ، ٧-سـۆران ١٩ خاڵ، ٨- ئاسۆ ١٨ خاڵ، ٩- خاك ١٨ خاڵ، ١٠- گارە ١٨ خاڵ، ١١- چەمچەماڵ ١٨ خاڵ، ١٢- خانەقین ١٦ خاڵ، ١٣- ئاشـتی ١٦ خاڵ، ١٤-پێشکەوتن ١٥ خاڵ، ١٥- دەربەندیخـان ١٣ خاڵ، ١٦- مەخمور ١٢ خاڵ، ١٧- سۆلاڤ ٩ خاڵ، ١٨- کۆیە ٩ خاڵ.

# شاندی ڕاهێنەرانی یانەکانی کوردستان بەرەو تورکیا و پۆڵەندە بەڕێکەوتن

هەفتەی ڕابردوو شاندی ڕاهێنەرانی خولی پلە نایابەکانی کوردستان و خولی پلە یەکەکانی کوردستان بەرەو هەردوو وڵاتی تورکیا و پۆڵەندە بەڕێکەوتن بەمەبەستی بەشداریکردن لەدوو خولی بەهێزکردنی ڕاهێنەران.

شـاندی ڕاهێنەرانی خولی پلە یەکەکانی کوردستان کە بەشداری لە بەهێزکردنی خولـی ڕاهێنەران لەوڵاتـی تورکیا دەکەن، لە٢٧ کـەس پێکهاتووە، کە ١٨ یان ڕاهێنەری یانە بەشداربووەکانی خولی پلە یەکەکانی کوردستانە و چوار ڕاهێنەری تر، کە دەبنە نوێنەری هەر چوار شـاری هەولێر و دهۆك و کەرکوك و سـلێمانی و سـێ ڕۆژنامەنووسـی وەرزشی و دوو کارگێڕی یاوەری شـاندەکە دەبن، ئەم خولە ماوەی شـەش ڕۆژ دەخایەنێت و لەلایەن وانەبێژی باوەڕپێکراوی تورکیا و یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا (نەجان کوربنر) وانەکان بەشێوەیە پراکتیکی و تیۆری دەگوترێتەوە.

شـاندی ڕاهێنەرانی خولی پلە نایابەکانی کوردستان، کە لەوڵاتی پۆڵەندە بەڕێوە دەچێت، لە٢٩ کەس پێکهاتووە، کە ١٤ یان ڕاهێنەری یانە بەشداربووەکانی خولی پلە نایابەکانی کوردسـتانە و سـەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان و چەند کارگێڕێك و نوێنەری یەکێتی تۆپی پێی لقەکانی شـارەکانی هەولێر و کەرکوك و سـلێمانی و دهۆك و ڕۆژنامەنوسـێکی وەرزشی یاوەری شاندەکە دەکەن، ئەم خولەماوەی ١٠ ڕۆژ دەخایێنێت و تەواوکەری خولی سـاڵی ڕابردووە، کە لەوڵاتی پۆڵەندە بۆ ڕاهێنەرەکان سازکرابوو.

یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بۆ پێشخستنی هەردوو خول گشت پێداویستیەکیان بۆ ڕاهێنەرە بەشداربووەکان دابین کردووە.

جێگەی باسـە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان ساڵانە ئەم جۆرە خولانە بۆ ڕاهێنەر و ناوبژیوانەکانی کوردستان دەکاتەوە بەمەبەستی پێشخستنی ئاستی ڕاهێنەران و ناوبژیوانان لەدوایین گۆڕانکارییەکانی بواری تۆپی پێی.

